
# پایز

**ئەحمەد دەشتی**



وا دیسان پاییز ماڵی تێک ناوە
دەڕوا بۆ سەفەر وەرزی تەواوە
خەزەلوەر ڕۆیی و وا سەرماوەزە
ڕوتاوەن هەرچی کە باغ و ڕەزە
دیسان وا بەرگی هەزاران دڕا
زستانم وادێ و پاییز هەڵبڕا
سەیری دۆندان کەن بەفر دیارە
مەندیلی سپیان وا لە سەر بارە
پایزی ئەمسالم وەک سالان نەبوو
هەرچەند کە م و ئازاریشی نەبوو
هەر هەتوان نەبوو زامی دڵی من
هەرماوە نەهات هیوای گوڵی من
هەرچەند لەلوتکە ئاسۆم لێ دیارە
زۆرگەش و ڕوونە سبەی ئەم وارە
وادێ ئاوازی ئەو گولە ڕەندەم
وا دەڕۆم بەرەو ئەو سەرو دۆندەم
ئەمڕۆکە کوردە وا سەر دەردێنێ
لە ناو جیهان دا وا خۆی دەنوێنێ
موژدەی رزگاریوسەربەخۆیی کورد
وادێ لەو لوتکە بۆ دروشت ورد
هەرچەندە چاوم پڕ پڕ گریانە
لە دەست ناکەسان دڵم بریانە
بەڵام وا سیما و زمانی کوردی
هاوار دەکاتن کوردە نەمردی
وا ئالای کوردم ڕوو لە حەوایە
ئیتر داگیرکەر باوی نەمایە
سەربەخۆیی‌کورد وا ڕۆژی هەلدێ
دوژمنە ئەمڕۆ وا مەرگی بۆ دێ
نەماوە چیتر تازی و ڕۆمیان
کورد بشێلنەوە بڕواتن دەستیان

کورد گەل ژیـــــرانە ڕوو لا یارانن
وەک جاران نیـــە بە چاک نەڕوانن
هەســـتی ڕابوردوی ڕۆژگارانی زوو
نەفرین کـــــراوە ، دیارە ئارەزوو
منیش وا دەڕۆم بۆ قـــۆناغی ژین
بۆ ســـــــەربەخۆیی خاکی دڵبرین
ســـەربەخۆیی کورد ئەمڕۆ مەرامە
هەڵدانی ئاڵام هەســـــت و بڕوامە
گەندەلێ و خەراپەورەفتاری پەستی
کورد قاوی دەدا لەڕێی سەربەستی
کێ دزو جەردە و خائـــین بە کوردە
وانەفرین دەکرێن‌لەســەرئەم‌هەردە
ئەوسا پایزو گشت وەرزی ســاڵم
بەهارە بۆ کـــورد هەردەم لە ماڵم
کە کورد ڕزگار و ســــــەبەخۆبێ
ئاڵای کوردستان هەر شـــەکاوەبێ
ئەگەر ئەمڕۆکە هەمـــوو وریا بین
ڕێگری دزو جەردە کــــاران بین
کوردستانی کورد وا ســـەربەخۆیە
ســبەینێ کوردم دوور ڕەنجەڕۆیە
دەســا وریابن ئەی مەردو دڵێران
ناکەس لە ناوبەن لەخاکی شێران
هەرچی هۆکاری گەندەلی و پیسیە
با قاویان بدەین چی نەجیســــیە
تا ڕۆژگـــــــاری تاڵ نەگەڕێتەوە
ســـەربەخۆ بین و خەم ببڕێتەوە
زستانی ئەمســــال بەهـارمان بێنێ
بۆ هـــەتا هەتا شــــادیمان بێنێ

*

پایزی 2005 پیشکەشە بە هەموو دڵسۆزێکی کوردو کوردستان